# هەر کەسێکمان لە ئێوە کردە کاربەدەست، ودەرزییەکی درووومان یان زیاتری لێ شاردینەوە ئەوە خیانەتە ولە ڕۆژی قیامەتتدا گیرۆدە دەبێت

لە عەدی کوڕی عەمەیرەی کیندی -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر کەسێکمان لە ئێوە کردە کاربەدەست، ودەرزییەکی دروومان یان زیاتری لێ شاردینەوە ئەوە خیانەتە ولە ڕۆژی قیامەتتدا گیرۆدە دەبێت (وەکو دز حسێبی بۆ دەکرێت)»، پیاوێکی ڕەش پێست لە ئەنساڕیەکان هەستا، وەکو ئەوە وابێت ئێستا لەبەرچاومدایە، و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو ئەرکەم لێوەربگرەوە کە پێت سپاردووم، فەرمووی: «تۆ چیت دەوێت؟»، ووتی: لە تۆوە بیستوومە کە ئەوە وئەوەت فەرمووە، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من ئێستاش دەیڵێم: هەرکەسێکمان لە ئێوە کردە کاربەدەست؛ با (هەرشتێکی دەستکەوت) کەم وزۆریمان بۆ بهێنێت، ئەوەی کە پێی دەدرێت وەریبگرێت, وئەوەیشی پێی نادرێت دەستی لێهەڵبگرێت».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

هەرکەسێک لە ئێوەمان کردە بەرپرسیار لەسەر کۆکردنەوەی پارەی وسامانی زەکات وغەنیمە ودەستکەوت وجگە لە ئەوانە، ئەگەر دەرزییەکی دروومان یان شتێکی لەوە بچووکتریشمان لێ بشارێتەوە وبۆ خۆی بیبات ئەوا لە رۆژی قیامەتدا گیرۆدە دەبێت و وەکو دز حسێبی بۆ دەکرێت، واتە تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە ولێپرسینەوەی لەسەر هەیە، پیاوێک لە ئەنساڕ هەستا داوای ڕوخسەتی کرد بۆ وازهێنان لەو ئەرکەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی سپاردووە کە ئەنجامی بدات، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: تۆ چیت دەوێت؟. پیاوەکە ووتی: گوێم لێبووە ئەوە وئەوەت فەرمووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: من ئێستاش دەیڵێم، هەرکەسێک لە ئێوەمان کردە بەرپرس وکاربەدەست لە سەر کاروبارێک ئەوا با ئەوەی دەستی کەوت بیهێنێت ئەگەر کەم یان زۆر بێت، ئەوەی پێی بەخشرا ئەوا با بیبات، وئەوەی پێی نەبەخشرا ئەوا دیارە مافی ئەو نەبووە بۆیە با دەستی لێهەڵبگرێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee